https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.11

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# تیۆرەکانی گاڵتەوگەپ

## (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

ڕەنجدەر فەتاح ساڵح        پ. ی. د. مراد حکیم محمد

بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

murad.mzori@su.edu.krd

## پوختە

ج (Humor) دیاردەیەکی فرەڕەهەند و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتییە. فەیلەسووف و هزرڤانانی دێرین تا نووسەر و تیۆرڤانانی هاوچەرخ لە دیسپلینە جیاجیاکانی وەک بایۆلۆژی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەخۆیەوە خەریککردووە. هەریەک لەو لقە زانستییانە پرسیاریان لە سروشتی گاڵتەوگەپ و هاوەڵە ئەزموونییەکەی (پێکەنین) کردووە. بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئاڵۆزی گاڵتەوگەپ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، زانایانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بیروڕای فەیلەسووفان، چەند تیۆرێکیان داڕشتووە. لێرەدا ئامانجمان خستنەڕووی سێ لە گرنگترین تیۆرییەکانی گاڵتەوگەپە: تیۆرەکانی باڵایی، هێورکردنەوە و ناسازی. هەوڵدراوە شرۆڤەیەکی وردی هەر سێ تیۆرەکە بکرێت بە گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەکانیان و ناساندنی دیارترین تیۆرڤانانی هەریەک لەو سێ تیۆرە. لەلایەن توێژەرانەوە تێکەڵکێشییەکیش بۆ هەر سێ تیۆرییەکە کراوە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەگوڕیشەی بایەخدان بە گاڵتەوگەپ دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسۆفانی یۆنان و ئەو بایەخدانە تا سەردەمی نوێ درێژبووەتەوە و جێگەی بایەخی سەدان توێژەری هاوچەرخە، هەروەها هیچ کام لە سێ تیۆرەکە بەتەنیا ناتوانێت باڵ بەسەر کۆی گاڵتەوگەپدا بکێشێت و ببێت بە تیۆری چەتر، بەڵکو زۆر گاڵتەوگەپ هەیە کە هەر سێ تیۆرەکە دەتوانن ڕاڤەیان بکەن و هەندێک گاڵتەوگەپیش یەکێک یان دوو تیۆر توانای ڕاڤەکردنیان هەیە.



وشە کلیلییەکان: گاڵتەوگەپ، باڵایی، هێورکردنەوە، ناسازی

## تیۆرەکانی گاڵتەوگەپ

### دەروازە

لە قۆناغی هزریی فەلسەفییەوە تا ئەنجامی هەموو ئەو توێژینەوانەی پێکەنین و گاڵتەوگەپ، کە بە درێژایی کات ئەنجامدراون، تیۆرڤانانی گاڵتەوگەپ و پێکەنین، چەندین تیۆریی گاڵتەوگەپیان بە جیاوازی دیسپلینە زانستییەکانەوە، دامەزراندووە. بانگەشەی هەبوونی پتر لە (١٠٠) تیۆریی گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەکرێت (Erickson, ١٩٩٦). لەگەڵ هەڵکشانی ژمارەی تیۆرییەکان، هەوڵی بەردەوام بۆ پۆلێنکردنی تیۆرییەکان، بەپێی قۆناغە مێژووییەکان، خێزانە تیۆرییەکان، شێوازەکانی گاڵتەوگەپ و دیسپلینی ئەکادیمی دراوە (Fedakar, ٢٠٢٠). لەو چوارچێوەیەدا، تیۆرەکانی بالآیی، ناسازی و هێورکردنەوە، وەک سێ تیۆری بنچینەیی گاڵتەوگەپ و پێکەنین دادەنرێت، کە وەک خێزانە تیۆری، توانای لەخۆگرتنی سەرجەم تیۆرەکانیان هەیە و هەریەک لە توێژینەوەکانی گاڵتەوگەپ دەچنە خانەی یەکێک لەو تیۆرانەوە.

ڕەگی هەر سێ تیۆرییە بنچینەییەکە، بۆ پێش دیسپلینە زانستییەکان و قۆناغی هزریی فەلسەفی دەگەڕێتەوە. تیۆری بالآیی کە لە یۆنانەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆ ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵ بوارەکەی داگیرکردووە و تا سەدەی هەژدە بەسەر نەریتی فەلسەفیدا زاڵبووە (Weaver, ٢٠٠٧: ٢٧). دواتر تیۆری ناسازی، کۆتایی بەم سەردەستییە دێنێت و پاشان تیۆرییەکانی هێورکردنەوە یان ئازادکردن دەردەکەون (billig, ٢٠٠٥: ٣٩).

دەیڤید هێید، مامەڵەی فەیلەسووفانی لەگەڵ پێکەنین بۆ سێ گرووپ پۆلێنکرد: "گرووپی یەکەم ئەو فەیلەسووفانەن هیچ بایەخێکیان بە پێکەنین نەداوە؛ گرووپی دووەم فەیلەسووفانی وەک ئەفلاتوون، ئەرستۆ، سپینۆزا،

دیکارت و کانت کە بە شێوەیەکی سەرپێییانە و تارادەی ناچیزبوون ئاماژەیان بۆ کردووە؛ گرووپی سێیەم کە لە هۆبز، شۆپنهاوەر، بێرگسۆن و فرۆید پێکهاتوون، نەک هەر بیرکردنەوەی جددی و سیستماتیکیان بە بابەتەکە بەخشی، بەڵکو زۆر بە گرنگیان زانی بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ" .(Heyd, 1982: 285).

## تیۆری باڵایی (Superiority theory)

بنەڕەتی تیۆری باڵایی لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە، گاڵتەوگەپ و پێکەنین لە هەستکردن بە باڵایی بەسەر خەڵکەوە سەرچاوەدەگرێت. هەستێکی خۆبەزلزانین لە تێبینیکردنی کەموکوڕی و لاوازی لەوانی دی، سەرهەڵدەدات. لەسەر ئەو بنەمایەش، زۆرجار وەک تیۆری گاڵتەپێکردن (کەمکردنەوە و سووکایەتی) وەردەگیرێت. لەبەرئەوەی گاڵتەوگەپ و پێکەنین بە مەبەستی سووکایەتی و کەمکردنەوەیە، زۆرێک لە تیۆرڤانەکانی باڵایی پێداگیرییان کردووە لەسەر ئەرکەکانی گاڵتەوگەپ وەک "بەرەنگاربوونەوە یان کۆنترۆڵ".(Weaver, 2007: 27)

تیۆریی باڵایی کۆنترین مێژووی بە بەراورد بە هەردوو تیۆرە بنچینەییەکەی دی هەیە. لانیکەم بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، کە بە یەکەم تیۆرڤانی گاڵتەوگەپ دادەنرێت (Attardo، ١٩٩٤: ١٨). ئەفلاتوون لە فیلیبۆسدا، پێکەنین وەک ئاوێتەیەک لە چێژ و ئازار دەخاتەڕوو؛ چێژەکە لە "خراپی"یەکەوە سەرچاوەدەگرێت، لەبەرئەوە پێکەنین خراپە. ئەو، لە زاری سوکراتەوە ڕوو لە پرۆتارکۆس دەڵێت، ئێمە پێدەکەنین بەو کەسانەی پێیانوایە زەنگینتر، ژیرتر یان کەشخەترن لەوەی کە لە ڕاستیدا هەن. بەو شێوەیە، سوکرات ئەخلاقی پێکەنین دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەرچەند، وەک پیتەر بێرگەر (٢٠١٤) لەمەڕ خستنەڕووی پێکەنین لە فیلیبۆس ئاماژەی بۆ دەکات، بینەران (یان؛ بیسەران) لە هەردوو تراژیدیا

و کۆمیدیادا، چێژ له فرمێسک و پێکەنینەکانیان وەردەگرن، بەڵام ئەو چێژەی له کۆمیدیا وەردەگیرێت، جۆرێکی تایبەتە: لەسەر بنەمای خراپەکاری دامەزراوە، له چێژوەرگرتن بەسەر بەدبەختیی ئەوانی دیکەدا. (berger, ٢٠١٤: ١٧).

بەهەمان شێوە، بۆ ئەرستۆ، پێکەنین گوزارشتێکە له هەستی باڵایی بەسەر ئەوانی دی. زۆر پێکەنینیش وا دەکات، خەڵک ناجددی بن له پرسە جددییەکاندا (Candita, ٢٠٠٨: ٨٢). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرستۆ مامەڵەیەکی نەرمتر دەکات؛ هەرچەند پێکەنین خراپ و دزێوە، بەڵام "ئازار"ی نییە."(Aristotle, ١٩٨٧).

هەڵوێستی ئەرستۆ بەرانبەر بە پێکەنین ئەرێنیترە. ئەو، تەنیا سەرکۆنەی زیادەڕۆییەکانی پێکەنین دەکات، لەکاتێکدا سەرکۆنەکردنەکەی ئەفلاتون زۆر ڕەهاترە. جگە لەوەش ئەرستۆ لەگەڵ ئەو قسەیەی ئەفلاتوندا ناکۆکە کە دەڵێت گاڵتەوگەپ "سەرکوتکردن"ی ڕۆحە؛ ئەرستۆ وەک "هاندانێک" بۆ ڕۆح دەیبینێت، کە گوێگر دەخاتە مەزاجێکی باشەوە (Attardo, ١٩٩٤: ٢٠). ئەفلاتوون مامەڵەیەکی پارادۆکسیانە لەگەڵ پێکەنین دەکات؛ لەلایەک ئەفلاتون بە قووڵی بیری له گاڵتەوگەپ کردۆتەوە- بەها کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و فەلسەفییەکەی ناسیوە و قۆستووەتەوە. له لایەکی دی، کۆمیدیا و لێکەوتەکانی بۆ ژیانی باش پەسەندنەکردووە. ئەفلاتوون خۆی کۆمیدیا و گاڵتەوگەپ پراکتیزە دەکات، لەکاتێکدا سەرکۆنەی بەکارهێنانی لەلایەن کەسانی دی، دەکات(Olin, ٢٠١٩: ٨).

تیۆریی باڵایی لەگەڵ بەشداری تۆماس هۆبز، بە لوتکەی خۆی دەگات. هۆبز بە پێچەوانەی دیتران، بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ پێکەنین وەک بەشێک له باسێکی سیستماتیکی پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەخاتەڕوو (billig, ٢٠٠٥: ٣٨). ئەو، وەک ئەوانی دی، هەر تەنیا ئاماژەی بە

سنووردارکردنی پێکەنین نەکرد، بەڵکو هەموو جۆرە پێکەنینێکی خستە ژێر گومان و پرسیارەوە. هەرچەند، بە کورتی و لە دوو شوێندا: سروشتی مرۆڤ (١٦٤٠)، و لیڤیاتان (١٦٥١) شیکردنەوەی خۆی پێشکەشکرد، بەڵام، سەرنجدان لە پێکەنین لە چوارچێوەی شیکردنەوەی سروشتی مرۆڤ، بەشدارییەکەی کاریگەرتر کرد..

"بەراورد" لە نێوان من و ئەو یان ئێمە و ئەوان بە ئاراستەی سەرهەڵدانی هەستی باڵایی لە مندا و دروستبوونی شکۆیەکی لەناکاو، توخمی بنەڕەتییە لە شیکردنەوەی هۆبز و تیۆرڤانانی دیکەی باڵایی. ئەوانەی پێدەکەنن، ناتوانن دڵنیایی بەدەستبێنن، مەگەر لە ڕێگەی تێبینیکردنی کەموکوڕییەکانی کەسانی دیکەوە؛ لەبەرئەوە، بە ناتەواوی ئەوانی دی پێدەکەنن. ئەو خۆبەراوردکردنە لەگەڵ لاوازان و کەمتوانایان، نیشانەی هیچەکەییە(Lippitt, ١٩٩٥: ٥٥). وەک ئەوەی دواتر، هۆبز لە لیڤیاتان (١٦٥١)دا پاتەی کردەوە .(hobbes, 1987: 19)

تێڕوانینی هۆبز بۆ پێکەنین، بەشێکە لە تیۆرییەکەی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ. بەو شێوەیە، ئەوەی هۆبز لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ جیادەکاتەوە، ئەوان، لە پێکەنین تێدەگەن وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پێگەی باڵا یان گەیشتن بە باڵایی، بەڵام، هۆبز لە پێکەنین تێدەگات وەک گوزارشت یان کاریگەریی هەستی باڵایی. بە دەربڕینێکی دی، ئەفلاتوون و ئەرستۆ وەک "ئامراز"ێک پێکەنین شیدەکەنەوە، کە لە ڕێگەیەوە باڵایی بەدەستدێت، بەڵام هۆبز وەک "دەرخەر و دەربڕ"ی هەستی باڵایی لە مرۆڤدا، پێکەنین شیدەکاتەوە(Heyd, ١٩٨٢: ٢٨٦).

بە دڵنیایی، لایەنگرانی نوێی تیۆریی باڵایی، تێڕوانینی توند و سنووردارییی هۆبز تێپەڕدەکەن؛ بیرۆکەی باڵایی بە سادەیی پێکەنینی بەهێزان بە لاوازان نییە، بەڵکو پێکەنینی لاوازن بە ڕێی سووککردن و گاڵتەکردن بەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان (Neria, ٢٠١٢: ٢٧). بە کورتی

کاتێک بەو کەسانە پێدەکەنین لە پێگەی هێز/دەسەڵاتدان، بۆ ساتێک هەست بە بەهێزی و باڵایی خۆمان دەکەین. گاڵتەپێکردنەکە کەمکردنەوەیە لە پێگە بەرزەکە و بەوەش هەستی سەرکەوتن و باڵایی بۆ پێگە نزمەکە. کەواتە، "گاڵتەوگەپ وەک دەربڕینی باڵایی دەشێت میکانیزمێک بێت بۆ کۆنترۆڵ یان بەربەرەکانێ.(lynch, 2005: 28)"

بۆ بێرگسۆن (١٩٠٠)، پێکەنین هەرچەند "کاریگەریی ئازاربەخش دادەنێت لەسەر ئەو کەسەی ئاراستەی دەکرێت"، بەڵام، ئەوها خراپ نییە؛ ئەرکێکی گرنگی هەیە، بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەو شێوەیەش وەک ڕاستکەرەوەی کۆمەڵایەتی ئەرک دەگێڕێت: "پێکەنین، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، ڕاستکەرەوەیە.(Bergson, 1914: 197)"

هەمان توخمی "بەراورد" لە شیکردنەوەی بێرگسۆندا ئامادەیە. ئەوانەی پێدەکەنن، بە یەکێک پێدەکەنن؛ وا دەردەکەوێت خۆیان لە پێگەیەکی باڵاتر و شایستەتر دەبینن بەراورد بەوەی پێی پێدەکەنن. توانای پێکەنین بە یەکێکی دی، لە پابەندبوون بە ستانداردە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت "(Bergson, ١٩١٤: ١٩٩).

لە شیکردنەوەی بێرگۆسندا، پێکەنین "ڕێگەیەکە کە کۆمەڵگە ڕەفتارە نەگونجاوەکانی پێ دیاریدەکات. لە حالەتێکی گرووپیدا، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە ڕەفتاریان لە خەڵکە ئاساییەکەی ئەو گرووپە جیاوازە، گاڵتەیان پێ دەکرێت و پێیان ڕادەبوێردرێت. ڕابواردن و گاڵتەپێکردنەکەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ بەهاکانی گرووپ/کۆمەڵەکە بگونجێنن" (Candita, ٢٠٠٨: ٨٣).

ئەگەر پێکەنین لە خۆپەرستیی هۆبزییدا، کردەیەکی داروینیستانەیە بۆ بردنەوە و دۆڕان، لە تێڕوانینی بێرگسۆندا، "نەک خۆپەرستییەکی هۆبزیی،

بەڵکو پێویستییەکی بایۆلۆژییە بۆ شەڕکردن بۆ بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتیSimões)", ٢٠١٧: ٣٠). جیاوازییەکە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە؛ هۆبز، پێکەنینی بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکە بنچینەییەکانی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ بەکارهێنا. ئەو پێیوابوو، ناتوانرێت متمانە بە مرۆڤ بکرێت لە کۆنترۆڵکردنی غەریزە خۆویستییەکانی. ئەگەر کۆنترۆڵنەکرێت، هەڕەشە لە هەر نەزمێکی کۆمەڵایەتی دەکات.

هەر چۆنێک بێت، لایەنگرانی تیۆریی باڵایی، زیاتر بە تەنگ پاڵنەرەکانی پشت پێکەنینەوە بوون، بەو مانایە سەرەتایەکی گونجاوبوون بۆ تیۆری هێورکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوت کە خاڵێکی سەرەکی لەمەڕ ناسازیی لە گاڵتەوگەپدا دروستبکەن: کەسی گاڵتەپێکراو، ناساز/ناتەبایە. ئەو جیاواز یان نەگونجاوە. ئەو کەسەیە کە لە نۆرمەکان لادەدات(Simões, ٢٠١٧: ٢٧).

## تیۆری ناسازی (Incongruity Theory)

تیۆریی ناسازی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات، گاڵتەوگەپ و پێکەنین بە گشتی لە ناکۆکییەک، ناتەبایی و ناسازییەکەوە سەرهەڵدەدات. سەرهەڵدانی پێکەنین بۆ پێشێلکردنی پێشبینییەکانمان دەگەڕێتەوە. ناسازی بیرۆکەیەکی بەراوردکارانەیە؛ بانگەشەی ئەوە دەکات کە شتێک لەگەڵ شتێکی دی نەگونجاو، ناکۆک و ناتەبایە. ئەم ڕەوتەش لەلایەن هزرڤان و تیۆرڤانانی وەک: سیسرۆ، جەیمس بیتی، ئیمانوێل کانت، فرانسیس هەچسۆن، ئارسەر شۆپنهاوەر، سۆرن کیرکەگارد و چەندانی دی، لەبەر گیراوە.

هەرچەند، بانگەشەیەک هەیە کە یەکەمجار ئەرستۆ باسی لەوە کردووە، پێکەنین وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر ناسازی سەرهەڵدەدات

(Morreall, ۱۹۸۷: ۱٤)، بەڵام، تیۆریی ناسازی وەک ئالنگارییەک بەرانبەر بە تیۆریی باڵایی لە سەدەی هەژدەدا بە زەقی دەرکەوت؛ کاتێک فرانسیس هەچسۆن (۱۷٥۰) ڕەخنەی لە باسەکەی تۆماس هۆبز لەمەڕ پێکەنین گرت و بانگەشەی ئەوەی کرد، هەستی باڵایی نە پێویست و نە بەسە بۆ پێکەنین. لە پێکەنیندا دەشێت خۆمان بە هیچ کەسێک بەراورد نەکەین، واتە نە خۆبەراوردکردن و نە شکۆی لەناکاو بۆ پێکەنین پێویست نین. هەندێک کەسیش بە خۆیان پێدەکەنن- نەک بە دۆخێکی پێشووی خۆیان، بەڵکو ئەوەی ئێستا هەیە (Telfer, ۱۹۹٥: ۳٥۹).

هەچسۆن بە سێ وتار بەشداریی لە بونیادنان و پەرەپێدانی تیۆریی ناسازییدا کرد. لە یەکەمیاندا، ڕەخنە لە بۆچوونەکانی هۆبز دەگرێت و بیرۆکەکانی لەمەڕ پێکەنین ڕەتدەکاتەوە. لە وتاری دووەمدا، تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ پێکەنین دەخاتەڕوو، هەروەها، کە چۆن بیرۆکەیەک لەڕێی بەکارهێنانی میتافۆڕەوە بەهێز دەکرێت یان ئەوەی بەکارهێنانی میتافۆرێک چۆن دیدگەیەکی سەربار دابیندەکات کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی دیدگە ڕەسەن یان بنەڕەتییەکە دەدات. "(Hutcheson, ۲۰۰٤: ۲۸-۳۱). کەواتە لە ڕوانگەی هەچسۆن، گاڵتەوگەپ لە کۆکردنەوە و بەراوردکردنی دوو وێنەی جیاواز دروستدەبێت، کە وێڕای جیاوازییەکەیان، هەندێک لێکچوونیشیان هەیە. واتە بەراوردکردنێکی نەگونجاو، بەڵام بۆ ئەوەی نەگونجاوییەکە ببێت بە گاڵتەوگەپ، پێویستە نزیکایەتی لەنێوان هەردوو وێنە یان بیرۆکەکە هەبێت.

هەچسۆن لە وتاری سێیەمیدا، گرنگترین تێبینییەکانی لەمەڕ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەخاتەڕوو. پێشبینی دوو ئەگەری بەکارهێنان بۆ پێکەنین دەکات: ۱. وەک کاریگەرییەکی "بەکۆمەڵایەتیکردن"ی گشتی؛ هەروەها ۲. بە تایبەتی لە دژی هەندێک

لاوازی دیاریکراوی مۆراڵی، باوترینیان، چەقبەستوویی هزریی "(Telfer, 1995: 360).

هەچسۆن ڕوونی دەکاتەوە، دەرەنجامی پێکەنین دڵخۆشی و لەباری مێشک، حاڵەتێکە دروستدەبێت کاتێک جەستە لە باری خۆشیدایە و مرۆڤ توانایەکی ڕەها و بەرلێنەگیراوی بۆ تێبینیکردنی پڕووپووچییەکان هەیە. پێکەنین وا دەکات شڵەژان و نیگەرانی کەم ببێتەوە "(Hutcheson, ٢٠٠٤: ٣١). ئا لێرەدایە، ڕوانگەی هەچسۆن و بێرگسۆن لەمەڕ بەکارهێنانی گاڵتەوگەپ و پێکەنین لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەدا، زۆر نزیکدەبێتەوە.

بەگوێرەی هەچسۆن، پێکەنین زۆر بە ئاسانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە، مەگەر کەسەکان زۆر پشت بە ژیری ببەستن و خۆڕاگربن بەرانبەر کاریگەریی دەرەکی لەسەر بارودۆخی خۆیان، یان ئەوەتا مەگەر خۆیان سەرباسی نوکتەکە بن. ئەو کەسانەی ئاستی ژیرییان بەرزترە، لەبەر ئەوەی توانای لێکدانەوە و جیاکارییان هەیە بۆ ئەو باسانەی لەسەر شتێک دەکرێن، زەحمەتتر دەهێنرێنە پێکەنین. هەروەها "گاڵتەکردن بە بچووکترین هەڵەکان، کاتێک وا دەردەکەوێت لە باشە و خەمخۆری کەسەکانەوە نایەت، دەکرێت زۆر توڕەکەر بێت، چونکە جێبەجێکردنی بیرۆکە خراپەکان بەسەر ڕەفتارەکانمان ڕقی گاڵتەکەرەکە بەرانبەرمان پیشاندەدات، بەم شێوەیەش دیزاینی دەکات بۆ ئەوەی کەسانی تریش ڕقیان لێمان بێتەوە"(Hutcheson, ٢٠٠٤: ٣٦).

لە تێبینییەکانی هەچسۆنەوە، دەتوانین ئەنجامگیریی لەسەر تیۆریی ناسازیی وەک تیۆرییەکی خەڵک-تەوەر بکەین، خەڵک بە پاشخانی کلتووری و دنیابینی جیاوازیانەوە، جیاواز دەبن لە بڕیاردانی شتێک وەک گاڵتەوگەپ و پێکەنیناوی، ئەوە بنەڕەتی کلتووری گاڵتەوگەپ و پێکەنین لە تیۆریی ناسازییدا ڕووندەکاتەوە. بە دەربڕینێکی دی، بیرکردنەوە و

پێشبینییەکانی خەڵک بە شێوەی ئاسایی، سروشتێکی ڕێکخراوی هەیە، کە لە کلتوور، پەروەردە و ئەزموونی تایبەتیانەوە سەرچاوەدەگرێت و بەو شێوەیە، خەڵک پێشبینییەکانی بەگوێرەی پاشخانە کلتووریی و پەروەردەییەکەی ڕێکدەخات، کاتێکیش دۆخێکی نائاسایی، ناکۆک و نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی بیرکردنەوە و پێشبینییەکانی دێتە پێش، پێکەنین دروستدەبێت.

لەو ڕاستاییەدا، گوزارشتە باوەکەی کانت کە لایەنگرانی تیۆری ناسازی بە تایبەت هەڵوەستەی لەسەر دەکەن، دەڵێ: "پێکەنین سۆزێکە لە گۆڕانی لەناکاوی پێشبینییەکی بەرزەوە بۆ هیچ، سەرهەڵدەدات (Kant", ١٩٨٧: ٤٧). خەڵک چاوەڕوانی هەندێک دەرئەنجام بەگوێرەی پاشخانە کلتوورییەکەی یان ئەزموونی ڕابردووی لە دۆخێکی هاوشێوەدا دەکات، کاتێک دەرئەنجامەکە لەگەڵ چاوەڕوانییەکە ناکۆک و نەگونجاو بێت، پێکەنین سەرهەڵدەدات.

کانت بۆ شیکردنەوەی بیرۆکەکەی، چەند نوکتەیەک دەگێڕێتەوە؛ یەکێک لەو نوکتانەی کە کانت ڕووئیای خۆی لەسەر بونیاددەنێت، چیرۆکی میراتگرەکەیە؛ میراتگری پیاوێکی دەوڵەمەند دەیویست پرسەیەکی گەورە ڕێکبخات، بەڵام شین و شەپۆڕی دەکرد کە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، "چونکە" وەک دەیگوت: "تا پارەی زیاتر بە شینگێڕەکانم بدەم دڵتەنگتر دەرکەون، کەیفخۆشتر دەردەکەون!"(Kant, 1987: 48 ).

بە شیکردنەوەی کانت، هۆکاری پێکەنینمان بەو نوکتەیە، لەبەر ئەوەیە پێشبینییەک لەناکاو دەگۆڕێت بۆ هیچ. بەڵام هێشتا، "پێویستە زۆرباش ئاگەداری ئەوە بین کە گۆڕانەکە نابێت بۆ پێچەوانەیەکی پۆزەتیڤی شتێکی پێشبینیکراو بێت، چونکە ئەو کاتە، هێشتا شتێک دەمێنێت، کە تەنانەت دەکرێت هۆکاری خەمیش بێت، بەڵام پێویستە بگۆڕێت بۆ هیچ. چونکە، ئەگەر کەسێک ئەو پێشبینییە مەزنە لای ئێمە

دروستبکات کاتێک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، هەروەها ئێمەش لە کۆتاییەکەی ڕاستەوخۆ هەڵەکەی ببینین، ئەوە نیگەرانمان دەکات"(Kant, ١٩٨٧: ٤٨). "ئەو خاڵەی وا دەکات نوکتە کار بکات زۆربەی جار دەستنەکەوتنی تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە پێشبینیماندەکرد، بەڵام لەبری ئەوە، ئەنجامەکە لەناکاو وا دەکات درکبکەین کە بە ڕێگە تەواو هەڵەکەدا ڕۆیشتووین: ئەوەی کە بەسەریدا ڕۆیشتووین دەردەکەوێت کە بەرەو هیچ کوێیەک ناڕوات؛ یان بەلانی کەم، بۆ هەمان شوێنی خۆشایی نوکتەکە ناڕوات. ئەمە ئەو هەستەیە کە تێیدا "پێشبینییەکانمان" کەم دەکرێتەوە تاوەکوو نەمان"(Lippitt, ١٩٩١: ١٥-١٦).

گێڕانەوەکانی کانت، ئامادەمان دەکات بۆ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە و چارەسەرییەک بۆ ناسازییەکە، چونکە لە کۆتاییدا، بارە ناسازەکە بۆ بارێکی ساز دەگۆڕێت، کاتێک ڕوونکردنەوە لەمەڕ ناسازییەکە دەدرێت. وەک ئەوەی تێدەگەین کێشەی میراتگرەکە لە کوێوە دێت، بەو شێوەیە، گاڵتەوگەپەکە لە سروشتی ڕوونکردنەوەکەدایە نەک ناسازییەکە یان ئەوەی بە کەمکردنەوە بۆ هیچ یان تا نەمان گوزارشتی لێکراوە.

کانت تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کە "پێکەنین چۆن دروستدەبێت؟" و وەڵامەکەش خۆی لە "لەپڕ-نەمان"ی پێشبینییەکانمان دەبینێتەوە. لەو شیکردنەوەیەدا، ئاخێوەرەکە، بەردەنگەکە، بە ئامانجگیراوەکە، بابەتی نوکتەکە و گۆڕاوەکانی دی، جێی بایەخ نین. بەڵام، بیرۆکەکەی، ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئەگەر تەنیا "لەپڕ-نەمان"ی پێشبینییەکانمان پێکەنین دروستبکات و هیچ گرنگییەک بە نموونە، لە گۆڕاوێکی وەک بە ئامانجگیراوەکە نەبێت، بۆچی بە ئامانجگیراوی جیا لە شوێنکاتی جیادا، دەخرێنە پێشەوە؟ یان بۆچی

دۆخێک بۆ هەندێک خەڵک پێکەنیناوی و هەمان دۆخ بۆ هەندێکی دی پێکەنیناوی نین؟

ئەگەر لە ڕوانگەی کانت، پێکەنین لە ئەنجامی لەپڕ-نەمانی پێشبینییەک سەرهەڵدەدات، شۆپنهاوەر، هۆکارەکەی بۆ ڕێکنەکەوتن و نەگونجاوییەک لە نێوان هەستەکانمان و زانیارییە پوختەکەی ناو مێشکمان، دەگێڕێتەوە:

هۆکاری پێکەنین لە هەموو حاڵەتێک بە سادەیی بینینی لەناکاوی ناسازییەکەیە لە نێوان کۆنسێپتێک و شتە ڕاستەقینەکان کە لە ڕێی کۆنسێپتەکەوە پێوەندییەک لە نێوانیان دروستکراوە (بیریان لێکراوەتەوە) هەروەها پێکەنین خۆی تەنیا دەربڕینی ئەم ناسازییەیە. زۆرجار بەم شێوەیە ڕوودەدات: دوو شتی ڕاستەقینە یان زیاتر لە ڕێی کۆنسێپتێکەوە بیریان لێدەکرێتەوە، هەروەها ناسنامەی کۆنسێپتەکە بۆ شتەکان دەگوازرێتەوە، لەوکاتەدا زۆر بە زەقی جیاوازی نێوان شتەکان لە ڕووەکانی دیکەیانەوە دەردەکەوێت، کە کۆنسێپتەکە تەنیا لە یەک ڕووەوە لەسەریان جێبەجێدەکرا (schopenhauer, 1987: 52).

سەرەڕای ئەوەی، لایەنگرانی هاوچەرخی تیۆری ناسازی، پێداچوونەوە بەم دەربڕینە بە پێوست دەزانن، بەڵام، بیرۆکەی ناوەندی، کە ناسازیی هۆی پێکەنین و خۆشییە، لەلایەن هەمووانەوە قبوڵ کراوە (Kulka. ٢٠٠٧: ٣٢٢).

شۆپنهاوەر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی، نوکتەیەک دەخاتەڕوو:

کاتێک کەسێک ڕایگەیاند کە حەزی لە پیاسەکردنە بە تەنیا، نەمساییەک پێی گوت: حەزت لە پیاسەی بە تەنیایە، هەروەها منیش، کەواتە دەتوانین پێکەوە پیاسە بکەین!

بەو کۆنسێپتە دەستپێدەکات، خۆشییەک کە هەردووکیان حەزی پێ دەکەن، دەتوانن پێکەوە چێژی لێوەربگرن، هەروەها لە ژێرییەوە، ڕێک ئەو حالەتە لەخۆدەگرێت، کە هاوبەشیی/پێکەوەییەکە بەدەردەکات. ئەگەر بەگوێرەی شیکردنەوەکەی شۆپنهاوەر بێت، بە نموونە، هیچ بایەخێک لەوە نییە کە لە نوکتەی سەرەوەدا، نەمساییەک بە ئامانج گیراوە. بەڵام، نوکتەکە زۆر بە سانایی دەتوانرێت لەلایەن تیۆری باڵایی شیبکرێتەوە.

لەبەرئەوەیە کە لەگەڵ نوکتەکان، ئێمە لە سەرچاوەی ناسازییەکە، هەڵە بەکارهێنانی کۆنسێپتەکە و هۆکاری هەڵەکە تێدەگەین. لەسەر ئەو بنەمایە، تیۆری ناسازی بەرەو دامرکاندنەوە/ چارەسەریی ناسازی (incongruity-resolution) ئاراستە دەکرێتەوە. لەو ڕووەوە، کۆنسێپتی ناسازییەکە گوزارشت لەو بیرۆکەیە دەکات کە شتێکی لەناکاو لە نوکتەیەکدا ڕوودەدات کە گوێگرەکە دەوروژێنێت یان تووشی سەرسوڕمانی دەکات یان سەرلێدەشێوێنێت، لەکاتێکدا کۆنسێپتی دامرکانەوە (چارەسەربوون) دەربڕیی ئەو بیرۆکەیەیە کە ناسازی دەتوانرێت شیبکرێتەوە یان ماقووڵدار بکرێت. لێرەدا، گوزارشتەکەی جێری ئێم سوڵس ڕوونکەرەوەیەکی گونجاوە:

نوکتەیەک یان کارتۆنێک بە پێکەنیناوی دادەنرێت لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوو قۆناغی. لە قۆناغی یەکەم، هەستپێکەرەکە (تێبینیکەر) لە کۆتایی نوکتەکە ئەوە دەدۆزێتەوە کە پێشبینییەکانی لەسەر نووسراوەکە تەواو نین، یان لە حاڵەتی کارتۆن، پێشبینییەکانی سەبارەت بە وێنەکە ناڕاست دەبن بەگوێرەی ناونیشانەکە. بە دەربڕینی دی، وەرگرەکە تووشی ناسازییەک دەبێت –خۆشایی نوکتەکە. لە قۆناغی دووەم، هەستپێکەرەکە شێوەیەک لە شێوەکانی چارەسەرکردنی کێشە بەکاردێنێت بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی هزری کە وا دەکات خۆشایی نوکتەکە لە بەشی سەرەکی نوکتەکە درێژببێتەوە و لەگەڵ بەشە ناسازەکان یەک بگرێتەوە.

یاسایەکی هزری پێناسە دەکرێت بە پڕۆپۆزێشنێکی لۆژیکی، پێناسەیەک، یان ئەزموونێکی ڕاستی. هێنانەوەی ئەم زانیارییانە بەیەکەوەبەستنەوەی بەشە ناسازەکانی نوکتەکە بەدیدەهێنێت (Brillinger, ٢٠٠٢: ٢٤).

ئێستا، ئەگەر ڕەزامەندبین لەسەر ئەوەی کە پێکەنین لە ئەنجامی پێشێلکردنی پێشبینییەکانمان سەرهەڵدەدات، ئەوا، خودی "پێشبینییەکان" لەلایەن بونیادێکی کلتوورییەوە ساز و ڕێکخراون. بیرۆکەی "بونیادەکانی پێشبینییەکان" کە لەلایەن دیبۆرا تانێن خراوەتەڕوو، ئەو بابەتە ڕووندەکاتەوە؛ بونیادەکانی پێشبینییەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی جیهانبینی یەکێک لە کلتوورێکی دیاریکراو (یان کۆکراوەی چەند کلتوورێک) دادەمەزرێت: "کەسەکە زانیارییەکانی لەسەر جیهان ڕێکدەخات و ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنێت بۆ پێشبینیکردنی لێکدانەوە و پێوەندییەکانی مەعریفی، چالاکی، و ئەزموونی نوێ" (Tannen, 1993: 16).

ئەوەی وەک دەرئەنجامی بابەتێک چاوەڕوانی دەکەین، یان خودی چاوەڕوانییەکە (پێشبینییەکە)، بە مەعریفە و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیمان، بە ئەزموون، پاشخانی کلتووری و پەروەردەییمانەوە گرێدراوە. لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا؛ ئێمە بەو کەسانە پێدەکەنین کە ڕەفتاری نەگونجاو و نائاسایی دەنوێنن. لەکاتێکدا ڕەفتارە ئاساییەکە، بە واتای گونجان لەگەڵ نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی، بەڵام خودی ڕەفتاریی ئاسایی (یان؛ نائاسایی) بەپێی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەگۆڕێت.

لافاڤێ و هاوەڵانی پێداگیرییان کردووە، ژمارەیەکی بەرفرەوان لە نوکتە گوتراوەکان وەک خاڵێکی ئاشکرا، ژنێکی سەردەست پیشاندەدات کە هێرش دەکاتە سەر پیاوێکی سەرکز و بندەست(La Fave, ١٩٧٦: ٨٤). بەو شێوەیە، بنەڕەتی کلتووری ناسازییەکە، لە نێوان سەردەستیی ژن و بندەستیی پیاودا ڕووندەبێتەوە، کە لە واقیعدا سەردەستیی پیاو و

بندەستیی ژنە. کەواتە، ئەوەی پێکەنین دروستدەکات، زۆر بە خەستی کلتوورییە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا ژنان سەردەست و پیاوان بندەست بن، چیتر نە ناسازییەک لە نوکتەکەدا دەمێنێتەوە و نە پێکەنینیش دروستدەکات.

تیۆرڤانانی ناسازیی بەگشتی ڕەگەزەکانی "بەراورد، نەگونجاوی و ناتەبایی" لە گاڵتەوگەپ و پێکەنیندا زەق دەکەنەوە. ناتەباییەکە لە نێوان ئەوەی پێشبینیدەکەن و ئەوەی لە خۆشیی نوکتەکەدا ڕوودەدات یان هەستیپێدەکەین، دەردەکەوێت. بە دەربڕینێکی دی، درک بەوە دەکرێت کە پەیوەندییەک لە جۆری لەیەکچوون لە نێوان دوو ئەزموون یان شتی ڕابردوو هەن کە لە مێشکدا وا دانراون هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، ئەو ناسازییەی نێوان دوو شتە وا دەکات کاریگەرییە گاڵتەوگەپییەکە دروستببێت و بە سەرچاوەی کاریگەرییەکە دادەنرێت. کەواتە بە نەمانی ئەو سەرچاوەیە شتێکی گاڵتەوگەپانەش نامێنێت. بەڵام، ئەوە تێگەیشتن لە ناسازییەکە نییە کە وا دەکات کاریگەرییەکە نەمێنێت و تواناکەی خۆی لەدەستبدات، بەڵکوو ئەو کاتە سەرچاوەکە هیچ کاریگەرییەکی گاڵتەوگەپی نامێنێت کە ناسازییەکە لەلای گوێگر دەبێتە شتێکی ساز و ماقووڵ (Dynel, ٢٠١١: ٦٣).

### تیۆری هێورکردنەوە (Relief theory)

پاش پتر لە سەدەیەک لە وتارەکەی لۆرد شافتسبێری ( Lord Shaftesbury) لە ساڵی ١٧٠٩دا، کە پێیوابوو پێکەنین وزەی دەماری دەردەدات، تیۆرڤانانی وەک سپنسەر، بەین و فرۆید بەشداریی جددیان لە تیۆریی هێورکردنەوەدا کرد، ئەو بیرۆکەیەشیان هێشتەوە کە پێکەنین وزەی دەرنەدراوی دەماریی ئازاد دەکات (Simões, ٢٠١٧: ٣٧). بە سادەیی، تیۆری هێورکردنەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پاڵنەرەکانی پشت پێکەنین دەکات. بەو ئاراستەیەی پێکەنین و گاڵتەوگەپ لە ئەنجامی

کەڵەکەبوونی وزەی دەروونی یان فیزیکی سەرهەڵدەدات و لەڕێگەی دەردانی وزەوە، گرژییەکان هێوردەکاتەوە.

بنەڕەتی تیۆری هێورکردنەوە بۆ مشتومڕێکی نێوان دوو هزرڤانی بەریتانی هێربەرت سپنسەر و ئەلێکساندەر بەین دەگەڕێتەوە. هەردوو هزرڤانەکە هەوڵیاندەدا بە دەستەواژەکانی کارئەندامزانی، کارکردنی زەینی مرۆڤ ڕوونبکەنەوە. بەین لە "هەست و ویست"دا کە ساڵی ١٨٥٩ بڵاوکرایەوە، باسی لە پێکەنین کرد. سپنسەر لە ١٨٦٠دا، پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ کتێبەکەی بەین کرد و پاشان وتارەکەی لەسەر "کارئەندامزانیی پێکەنین" بڵاوکردەوە. جارێکی دی، بەین لە چاپەکانی دواتری کتێبەکەیدا، وەڵامی بۆچوونەکانی "سپنسەر"ی لەمەڕ گاڵتەوگەپ و پێکەنین دایەوە(Billig, ٢٠٠٥: ٨٦).

سپنسەر هەر لە سەرەتای وتارەکەیدا (کارئەندامزانیی پێکەنین)، تیۆری باڵایی ڕەتکردەوە، بەو هۆیەی هەندێک سووکی-کەمایەتی هەیە، جگەلە پێکەنین دەشێت هەر شتێک لە ئێمەدا دروستبکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا "شکۆی هیچ کەسێک ناشکێت کاتێک بە وشەبازییەکی باش پێدەکەنین" (Spencer, ١٨٦٠: ٣٩٥). پێکەنین نەک وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەک کردارێکی فیزیکی تێدەگات (Spencer, ١٨٦٠: ٣٩٦). هەستەکان لە شێوەی فیزیکی وزەی دەمارییدا دەردەکەون. کاتێک هەست بە ترس دەکەین، دەشێت گرژیی یان هەر گۆڕانکارییەکی بچووک لە ڕووخسارماندا دروستببێت، کاتێک ترسەکە بەهێز بێت، ڕادەکەین؛ جوڵەکان پێوەندییان بە هەستەکانەوە هەیە و وزەی کەڵەکەبووی دەماری دەردەدەن. لەو ڕوانگەیەوە سپنسەر "کاریگەریی هێورکردنەوەی بە کردنەوەی دەمەوانەی سەلامەتی لەسەر بۆیلەرێکی هەڵم بەراوردکرد.(Lynch, 2005: 29)"

بەپێی سپنسەر، کردارە فیزیکی یان ماسوولکەییەکان، هەندێکیان ئامانجیان هەیە و هەندێکی دیکەیان بێئامانجن. بە نموونە، ترس کاردانەوەی ئامانجدار لە هەڵاتن و ڕاکردن دروستدەکات، بەڵام پێکەنین کردارێکی بێئامانجە (Spencer, ١٨٦٠: ٣٩٨). لەبەر ئەوەی پێکەنین کردارێکی بێئامانجە، ئەرکەکەی هەر تەنیا خزمەت بە دەردانی وزەی کەڵەکەبووی دەمار دەکات. کەواتە، پێکەنین سوودێکی ڕوو لە دەرەوەی نییە و خزمەت بە هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی ناکات.

تیۆری سپنسەر خۆی تیۆرییەکی داکەوتن و کەمکەرەوەیە (descending )، بەو پێیەی لە یەکەی گەورەترەوە دەچێت بۆ یەکە بچووکەکە نەک بە پێچەوانەوە. هەروەها پێکەنین لە ڕووی سیستەمی دەماری تاکەوە ڕووندەکرێتەوە نەک لە ڕووی یەکەی کۆمەڵایەتی گەورەوە. تیۆری ئەو بۆ ناسازیی کەمکەرەوە چاوپۆشی لە سروشتی کۆمەڵایەتی پێکەنین و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات. ئەو بابەتی پێکەنین بەکاردێنێت بۆ وێناکردنی یاساکانی پەرەسەندن، لەبەر ئەوە لە ڕووی تیۆرییەوە بەرەو شیکردنەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی پێکەنین ناچێت. بە دەربڕینێکی دی، سپنسەر پێیوابوو، پێکەنین یاسایەکی گشتی پەرەسەندن پەیڕەودەکات کە بە "یاسای کەمترین بەرگریی" ناوی برد. سپنسەر بە هاوبەشی لەگەڵ داروین پێیوابوو کە دەتوانرێت تایبەتمەندییە بەدەستهێنراوەکان بۆماوەیی بکرێن. داروین خۆیشی لە کتێبی دەربڕینی هەستەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵاندا ڕێزی لە تیۆری پێکەنینی سپنسەر گرت و پێیوابوو سپنسەر "تیۆرییەکی ڕاستەقینە"ی لە گەلەک دەربڕینی سۆزییانە پێشکەش کردووە و "گەورە ڕوونکەرەوەی بنەمای پەرەسەندن" بووە(Billig, ٢٠٠٥: ١٠٠-١٠٣).

هەرچۆنێک بێت، وەک جۆن مۆریال (٢٠٠٩) ئاماژەی بۆ دەکات، دەربڕینی فیزیکیی پێکەنین-وەک ئامرازێک بۆ دەردانی وزە- کە وەک

کاردانەوەیەک بۆ مەترسی هەستپێکراو بونیادنراوە، یەکێکە لە سەرەتاییترین ئەرکەکانی گاڵتەوگەپ، کاتێک وزەی سەرکوتکراو لە ترسەوە بۆ هێوربوونەوە دەگۆڕێت، بە خستنەسەری مارچین کوکزاک و هاوەڵانی (٢٠١٩)، بەو شێوەیە، گرنگی و ڕەوایی گاڵتەوگەپ دەتوانرێت بۆ سەرەتاییترین کۆمەڵگەکانی مرۆڤ بگێڕدرێتەوە، کاتێک گاڵتەوگەپ ڕۆڵی سەرەکی لە مانەوەیاندا دەبینی(Kuczok, et, all, ٢٠١٩: ٤).

هەرچەند سپنسەر نەیتوانی پێکەنین وەک کردارێکی کۆمەڵایەتی ڕوونبکاتەوە و بنەڕەتە کۆمەڵایەتییەکەیشی پەراوێزخست، بەڵام، بەشدارییەکەی، لە شیکردنەوەی پێکەنین و گەڵاڵەکردنی تیۆری هێورکردنەوەدا، بە دیاریکراویی پێکەنین وەک هێورکردنەوەی گرژیی، پڕ بایەخ بوو. کاریگەریی سپنسەر بەسەر سیگمۆند فرۆیدەوە ڕوونبوو؛ فرۆید بە شوێن سپنسەردا، "وزەی فیزیکی" بۆ "وزەی دەروونی" هەڵگێڕایەوە (freud, ١٩٠٥: ١٤٧).

فرۆید پاش پێنج ساڵ لە بڵاوکردنەوەی شیکاریی خەونەکان، لە (١٩٠٥)دا "نوکتە و پێوەندی بە نائاگاییی" بڵاوکردەوە. ئەو لە سەرەتادا، بەراوردێکی نزیککەرەوە لە نێوان نوکتە و خەون دەکات. وا دەردەکەوێت نوکتەکان هەمان کاری خەونەکان بکەن بە تایبەت لە "بەدیهێنانی ئارەزوو"دا. نوکتەکان وەک خەونەکان زۆر پێوەستن بە هەبوونی ویست و ئارەزوویەکی سەرکوتکراوەوە. وەک لە وتارێکی دواتریدا (١٩٢٧) پێداگیری کرد: "کرۆکی گاڵتەوگەپ ئەوەیە کە یەکێک خۆی لەو کاریگەرییانەی کە بارودۆخەکە سروشتی دروستیدەکات بە دووردەگرێت و ئەگەری دروستبوونی پیشاندانێکی هەستی بە گاڵتە جێی دەگرێتەوە"(snyder, ٢٠٠١: ٧١). کەواتە پێکەنین هەم دەرچەیەکە بۆ دەردانی وزەی سەرکوتکراوی دەروونی "لە گاڵتەوگەپدا توخمێکی ئازادکەر هەیە"، هەم میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی کە ڕزگاربوونێکی کاتی لە

کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان دابیندەکات. بە دەربڕینی فرۆید، "گاڵتەوگەپ کۆڵدەر نییە، یاخیبووە. تەنیا جەخت لە شکۆی ئیگۆ ناکاتەوە، بەڵکوو لە بنەمای خۆشیش، کە هێندەی پێویست بەهێزە لێرەدا بە ڕووی ڕووداوە نەرێنییە ڕاستەقینەکان خۆی بسەپێنێت" :Mathieu-Lessard, 2020 ) (22.

وێڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی تیۆرەکەی دەکرێنەوە، وەک کورتکردنەوەی هەموو "مەبەست"ی نوکتە و گاڵتەوگەپ لە دەربڕینی مەیلی سێکسی و توندوتیژیی، بەڵام فرۆید، بە پێچەوانەی سپنسەرەوە، دوو بنەڕەتی کۆمەڵایەتی گاڵتەوگەپ و پێکەنینی جێگیر کرد؛ یەکەمیان: پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان نوکتەوێژ و بەردەنگ؛ دووەمیان، پێوەندیی نێوان گاڵتەوگەپ و بونیادیی کۆمەڵایەتی-تابووەکان. لەبەرئەوە، کارەکەی فرۆید بە سەرەتایەکی گرنگ لە شیکردنەوەی پێوەندییانەی گاڵتەوگەپ دادەنرێت. (Kuipers, 2008: 367-368)

لە شیکردنەوەی تیۆرەکەی فرۆیددا، نوکتەکان دەربڕینێکی ناجددیین، مەبەستەکەیان بازدانە بەسەر ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی گوتاری جددی دەبێتەوە (Viñas, ٢٠١٦: ٢٧). ڕەهەندە ئازادکەرەکە، لە کن فرۆید، خەرجکردنی ئەو وزەیەیە بەهۆی قەدەغە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ناوەوەی مرۆڤدا پەنگدەخواتەوە و بۆیەش، نوکتەکان دەرچەیەکن بۆ دەردانی وزە و مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە دژوارەکان و دوورکەوتنەوە لە کاریگەرییە نەرێنییەکە (Erickson, ١٩٩٦: ٦).

لەکاتێکدا فرۆید نوکتەکان بۆ دوو جۆری نوکتەی هاندەر(مەیلدار) و نوکتەی بێوەی دابەشدەکات، ئەوەی یەکەمیان مەیلی سێکسی و توندوتیژی یان دوژمنایەتی دەردەبرێت و ئەوەی دووەمیان، بێوەی و بێزیانە، لەو چوارچێوەیەدا و بەگوێرەی پاڵمەر چەند میکانیزمێک لە گێڕانەوەی نوکتە مەیلدارەکان بەشدارن، ئەو ساتەی نوکتەیەک دەگوترێت،

فرۆید گریمانەی ئەوە دەکات، زنجیرەیەک لە مەیل لە مێشکدا هەن: ١. ئەنجامدانی شتێک کە دەبێتە هۆی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی، وەک، سووکایەتیکردن بە یەکێک؛ ٢. کپکردنی ئەو مەیلە؛ ٣. خۆشی تایبەت بە نوکتە(Weaver, ٢٠٠٧: ٤٢).

بە تێگەیشتنی فرۆید، کاتێک گاڵتە بە شتێک یان کەسێک دەکەین، لەبەر ئەوەیە سوپەرئیگۆمان بەسەر ئیگۆماندا سەرکەوتوو بووە. سوپەرئیگۆ یارمەتیمان دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بابەتانەی نیگەرانمان دەکەن یان ئازارمان دەدەن. سوپەرئیگۆ لە بێبایەخی ترسەکانی ئیگۆ تێدەگات؛ بۆیە، سوپەرئیگۆ ترس یان نارەزایی کۆنترۆڵدەکات و دەیگۆڕێت بۆ پێکەنین. هەمان شت کاتێک ڕوودەدات کە بە خۆمان پێدەکەنین: سەرکەوتنی سوپەرئیگۆی ئێمەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە دۆخی نیگەرانی ئیگۆمان بچووکە، شایەنی هیچی دی جگەلە پێکەنین نییە و بەو شێوەیە ئێمە ئاسوودەیی بە خۆمان دەدەین (Neria, ٢٠١٢: ٢٨).

دواجار ئەوەی وا دەکات مرۆڤ پەنا بۆ نوکتە و گاڵتەوگەپ ببات، هێزی فاکتە کۆمەڵایەتییەکانە. لەسەر ئەو بنەمایە، گاڵتەوگەپ لەلایەک دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لە گوشاری فاکتە کۆمەڵایەتییەکان و لەلایەکی دی ڕێگەیەکی خۆگونجێنەرانە لەگەڵ فاکتە کۆمەڵایەتییەکان دابیندەکات. لەسەر ئەو بنەمایە، پێکەنین ڕێگەیەکی قبوڵکراوی کۆمەڵایەتییە، کە فشاری وزەی سێکسی و توندوتیژانەی پێ ئازاد دەکەین. کاتێک لە دەربڕین و دەرخستنی خۆماندا، بەرەوڕووی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی دەبینەوە، هەوڵدەدەین خۆمان دەرباز بکەین بەو بانگەشەیەی کە ئێمە جددی نەبووین، تەنیا گاڵتەمان دەکرد، لەو ڕێگەیەشەوە دەمانەوێت خۆمان لە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی گوتەکە بدزینەوە (Marra, ٢٠١٩: ٣٠). کەواتە، گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەرفەتی دەربڕینی بیرۆکە

نەخوازراوەکانی کۆمەڵایەتی لە کایەیەکی "ناجددی" دەدات(Weaver, ٢٠٠٧: ٤٣)، گاڵتەوگەپ هەر تەنیا دەرچەیەکی دەروونی دابیناکات کە وزەیەکی کەڵەکەبووی دەروونی دەربازدەکات، بەڵکو دەرچەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگە بە دەربڕین و دەرخستنی ڕێگەپێنەدراوەکان دەدات. گاڵتەوگەپ لە کارلێک و پێوەندییەکاندا، بەردەوام ڕێگەیەکی خۆدزینەوە دابیندەکات، کاتێک گاڵتەوگەپەکە بە ئامانجگیراو نیگەران دەکات، بە جددیی تێدەگات و چاوەڕوان دەکرێت کاردانەوەی جددی هەبێت، گاڵتەجارەکە دەرفەتی ئەوەی هەیە بڵێ "تەنیا گاڵتەیەک بوو"، بەو مانایەی "شتێکی جددی نەبوو"، بەڵام ئەوە تەنیا خۆدوورخستنەوەیە لە کاردانەوەی بە ئامانجگیراوەکە یان هێزەکانی سانسۆر و گوشاریی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەرک و کاریگەریی گاڵتەوگەپەکە هەر تەنیا لەسەر بە ئامانجگیراو ناوەستێت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر پانتاییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی دروستدەکات. بە سادەیی دەشێت خەڵک هۆشیار و لە دەوری گوتارێکی دژ کۆبکاتەوە، ئامادەیان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر نەزمێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە ڕێگەیەکی نەرم و قبوڵکراو: وەک ئەوەی پێمان بڵێ "دوژمنەکەت بە هەنگوین بخنکێنە"(خاڵ، ٢٠٠٧: ٢١٠).

گاڵتەوگەپ بە ڕوونی ماتەوزە (پۆتانسیێل)ێک لەخۆدەگرێت: لە جددیەتەوە بۆ ناجددیەت، وەک گۆڕان لە جۆرێکی لۆژیکی کارلێککردن بۆ جۆرێکی دی. هەمان بیرۆکەی "لە چوارچێوەدان"ی ئیرڤینگ گۆفمان وەک ئاماژەدان بە ئامانجە کارلکێککەرە هەستپێکراوەکان، بەو مانایەی کە چۆن زمان لەناو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکاندا هەڵکەوتووە، چۆن هەم ڕەنگدانەوەی هەیە و هەم ماناش لەناو ئەو بارودۆخانەدا دروستدەکات (Johnson, ٢٠٠٧: ٥). بەپێی گۆفمان، بیرۆکەی "لە چوارچێوەدان" وەسفی گۆڕان لە جۆرێکی لۆژیکی کارلێککردن بۆ جۆرێکی دی دەکات و بەو شێوەیەش گاڵتەوگەپ بە یەکێک لە باوترین شێوەکانی چوارچێوە دادەنرێت کە لە گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەدا بەکاربێت. بە دەربڕینی

کیوپەرس (٢٠٠٨) چوارچێوەیەکی گاڵتەوگەپی مانای تەواوی قسەکانی یەکێک دەگۆڕێت: نابێت چیتر بە "جددی" وەربگیرێت :Kuipers, 2008) 368).

بە کورتی، بۆ لایەنگرانی تیۆریی هێورکردنەوە، پێکەنین وەک دەمەوانەی سەر بۆیلەرێک وایە، هەموو ئەو فشار و زێدەوزەیەی لەناو مرۆڤدا و لە ئەنجامی قەدەغە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەڵەکە بووە، لەڕێی گاڵتەوگەپ و پێکەنینەوە، دەردەدرێت. بەو شێوەیە، گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەتوانن گرژییەکان، ناکۆکی و بەریەککەوتنەکان، چارەسەر و هێوربکەنەوە. لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا، ئەوە، ئاراستەیەکە کە تیۆرڤان و توێژەرانی پارادایمی ئەرکگەرایی بە تایبەت، شوێنی کەوتوون.

## تێکەڵکێشی تیۆرەکان

هاوڕاییەک هەیە کە هیچ کام لە سێ تیۆرە بنچینەییەکە، وەک تیۆریی گشتگیر ناتوانن هەموو گاڵتەوگەپ و پێکەنین شی بکەنەوە. تێکەڵکێشییەکی تەواویش وەک لە نێوان تیۆرەکاندا هەیە(Gordon, ١٩٩٨: ٤٤). تیۆرڤانە سەرەکییەکانیش خزمەتیان بە زیاتر لە تیۆرییەک کردووە، بە نموونە، ئەرستۆ خزمەت بە هەردوو تیۆریی باڵای و ناسازی دەکات. ئەو لەلایەک باس لەوە دەکات کە پێکەنین لە بەیەکگرتنی دوو دژ دروست دەبێت و پاشان ئەرک یان کاریگەرییەکەی دەستنیشاندەکات. هاوکات بەشدارییەکانی کانت لە شیکردنەوەی پێکەنیندا، هەردوو توخمی هێورکردنەوە و ناسازی لەخۆدەگرێت (Lippitt, ١٩٩١: ١٤). بەهەمان شێوە، تیۆریی فرۆید هەم هێورکردنەوە لەخۆدەگرێت و هەم ناسازی. هەمان ئەنجام لە تیۆرییەکەی سپنسەردا دەردەکەوێت؛ دابەشبوونێک لەنێوان هەردوو تیۆریی هێورکردنەوە و ناسازیدا. هەچسۆن بە هێرشی توند بۆ سەر تیۆری باڵایی و بیرۆکەی هۆبز بۆ پێکەنین دەستیپێکرد، بەڵام خۆیشی دواجار نکوڵی لە دروستبوونی هەندێک خەیاڵ یان هەستی

باڵایی لەکاتی پێکەنین بە گەمژەیی ئەوانی دی نەکرد(hutcheson, ١٩٧٨).

لەو ساڵانەی دواییدا، فران مەکدۆناڵد (٢٠١٥) شیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ تیۆرەکەی بێرگسۆن کرد و ڕوونیکردەوە، هەر ڕیشاڵێکی تیۆرەکەی خزمەت بە مۆدێلێکی تیۆری (باڵایی، ناسازی و هێورکردنەوە) دەکاتMcDonald) , ٢٠١٥: ١٧). سەرەڕای هەوڵەکانی بە "ڕکەبەرکردن" یان بە ڕکەبەر-پیشاندانی تیۆرەکان لەلایەن تیۆرڤانانی جیاجیا، بەڵام بە گشتی، توێژەرانی ئەوڕۆ، پێداگیریی لەسەر تەواوکەریی هەر سێ تیۆرەکە بۆ یەکتر دەکەن، تا بەوەی دژ و جیاوازبن (Nijholt, ٢٠٢٠: ٤٠٨).

بەراورد بە هەردوو تیۆریی باڵایی و هێورکردنەوە، تیۆری ناسازی زۆرترین پاڵپشتی بەدەستهێناوە و هەندێکجار وەک سەردەستەی تیۆرەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام، دیسان ناتوانرێت بە ڕەهایی بگوترێت هەر ناسازییەک پێکەنین یان خۆشی بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەگەر ئەو ناسازییەش وەک هەچسۆن دەیکات لە بیرۆکەکانی شکۆ بەرانبەر بێشکۆ و کەرامەت بەرانبەر بێکەرامەتی پوخت بکرێتەوە، کۆلکا، لە شەنوکەوکردنی تیۆریی ناسازییدا، بەو ئەنجامە گەیشت، کە تیۆریی ناسازی ناتەواوە، تەنانەت بۆ ئەو کەیسانەش کە وا دادەنرێت بە تایبەتی بۆیان گونجاو بێت. لەبەر ئەوە، پێویستە لە بنەڕەتدا بنیات بنرێتەوە. ئەو بانگەشەی کرد، کاتێک تیۆریی ناسازی بنیاتدەنرێتەوە، هەردوو تیۆریی باڵایی و هێورکردنەوە دەبن بە تەواوکەریی نەک ڕکەبەریی(Kulka, ٢٠٠٧: ٣٣١).

تیۆریی باڵایی کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی، پتر لەوانی دی ئاشکرا و لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵناسییەوە بەکارهاتووە، بەسەر هەموو دۆخێکی گاڵتەوگەپ و پێکەنیندا ناسەلمێنرێت و لەبەر ئەوەش، ناتوانرێت وەک

تیۆرێکی گشتگیر وەربگیرێت. جۆنس (٢٠٠٦) دەستنیشانیدەکات، تیۆری بالآیی بەرەو تێزیی کەمکردنەوە یان سووککردن (disparagement) گەشەی کردووە: "کاتێک من بە نوکتەی تۆ پێدەکەنم، ئەوە، من بەرەو هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرانبەر تۆ دەبات؛ کاتێک لە نوکتەکەدا سووکایەتی بە جۆنز دەکرێت(لێی کەمدەکرێتەوە)، ئەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی من بەرەو هەڵوێستێکی سووکانە بەرانبەر بە جۆنز ببات"(Jones, ٢٠٠٦: ١٣١). گوزارشتەکەی جۆنس، پێداگیرییە لەسەر "کاریگەری"یەکانی گاڵتەوگەپ، کەواتە، تیۆری بالآیی لە سەرنجدان لە "هاندەرەکان"ەوە بۆ دەستنیشانیکردنی "کاریگەرییەکان" وەرسوڕاوەتەوە. بەخۆی "دەستنیشانی کاریگەرییەکانی گاڵتەوگەپ" لە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی یان لە کۆمەڵگەدا، ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی گاڵتەوگەپ پێکدێنێت، کە خۆی لە پێداگیریی لەسەر سروشتی دوالیزم و پارادۆکسییانەی گاڵتەوگەپ و دەستنیشانکردنی دوو کۆمەڵە ئەرکی وەک: ناسنامە و جیاکاری، هەروەها کۆنترۆڵ و بەربەرەکانێ دەبینێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئاڵۆزی گاڵتەوگەپ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، زانایانی کۆمەڵایەتی تێکەڵکێشێکیان لە هەر سێ تیۆر و قوتابخانەدا بۆ دوالیزمی گاڵتەوگەپ و پێکەنین کردووە. تێکەڵکێشی ئەم ئەرکانە گرنگە کاتێک ڕۆڵی پارادۆکسییانەی گاڵتەوگەپ لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا لەبەرچاودەگیرێت. لینچ (٢٠٠٥) شیکردنەوەیەکی تاڕادەیەک ڕازیکەرانەی لە تێکەڵکێشی ڕوانگە تیۆرییەکان و بەشداریی کۆمەڵناسان لەو ڕووەوە کردووە: ناسازی وەک بنەمایەکی هاندەری گاڵتەوگەپ بنەمای دەستنیشانکردنی گاڵتەوگەپ وەک میتۆدێک بۆ تێگەیشتن و بینینی دوالیزم یان پارادۆکسی گاڵتەوگەپ پێکدێنێت. لە کۆتاییدا، پاڵنەرەکانی هێورکردنەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەو کاریگەرییە گشتییە هەیە کە پێدەچێت گاڵتەوگەپیی کۆنترۆڵکردن و/یان

بەربەرەکانێ لەناو بونیادە ڕێکخراوەییەکاندا هەیبێت (Lynch, ٢٠٠٥: ٣٨).

ئەو تێکەڵکێشییە تیۆرییە، لە ئاستی کردارییشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، کە توێژەران لە ئەنجامدانی توێژینەوەکانیاندا، تێکەڵکێشییەکیان لە تیۆرییەکاندا بەرجەستە کردووەتەوە و سەرئەنجام توێژینەوەی فرەدیسپلین. تێزەکەی لیتیسیا نێریا (٢٠١٢) لەمەڕ گاڵتەوگەپ وەک بەربەرەکانێی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە مەکسیک، وەک توێژینەوەیەکی فرەدیسپلین و بەڕێی پوختەکردنەوەی تیۆر و تێڕوانینە جیاجیاکان بۆ گاڵتەوگەپ، هەندێک دەرئەنجامی گرنگ لە هەردوو پاڵنەر و کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی گاڵتەوگەپ پێشاندەدات، بە جۆرێک کە ئەنجامەکان لەگەڵ بانگەشەی سەرەکی تیۆرەکان دەسازێن، وەک گەیشتن بە پێگە بەرزەکە (باڵایی)، هەروەها لەڕێی گاڵتەوگەپەوە دەتوانین ئەوە بکەین کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا قەدەغەکراوە و بەدەربڕینی ترس و خەمەکانمان لەو ڕێگەیەوە، ئیگۆمان تۆکمەتر دەکەین-تیۆریی هێورکردنەوە- و لە کۆتاییشدا دەرکەوتنی باوترین ڕەفتاریی گاڵتەوگەپی کە زێدەگۆییە(exaggeration)، وەک جۆرێک لە ناسازی (Neria, ٢٠١٢: ٢٤٠).

لە بەرانبەر ناتوانایی هەر کام لە تیۆرە بنچینەییەکان لە شیکردنەوەی هەموو گاڵتەوگەپ و پێکەنیندا، دوو بانگەشەی نزیک هەیە؛ تێکەڵکێشیی تیۆرەکان و گەڵاڵەکردنی تیۆریی نوێی گشتگیر، وەک هەردوو مۆدیلی زیڤ و مۆریاڵ، کە دیسان لە تێکەڵکێشی هەر سێ تیۆرە بنچینەییەکە وەرگیراوە.

مۆدێلی مۆریاڵ پێکەنین بە گۆڕانی دۆخی دەروونی تاک لە کاردانەوەی هاندەریی گاڵتەجاڕانە، تێدەگات. گۆڕانە دەروونییەکە دەشێت بەسۆز (هەستبزوێن) بێت، وەک لە تیۆرییەکانی باڵایی و هێورکردنەوە کە

هەڵکشانی هەستە ئەرێنییەکان، کەمکردنەوەی هەستە نەرێنییەکان و ئازادکردنی هەستە سەرکوتکراوەکان هەیە-تیۆریی هێورکردنەوە. مۆدێلی زیڤ بە پێچەوانەوە، هەڵوەستە لەسەر ئەرکەکانی گاڵتەوگەپ دەکات و پێنج ئەرک: شەڕانگێزیی، سێکسی، کۆمەڵایەتی، بەرگریکارانە و ئاوەزمەندانە (هزریی) دەستنیشانکردووە (Dean, ۲۰۰۳: ۲٤). هەردوو مۆدێلەکە، پاڵپشت بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی سێ تیۆرە بنچینەییەکە گەڵاڵە کراون، بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر ناتەواویی تیۆرییەکانی دی و گەیشتن بە تیۆرێکی گشتگیر کە توانای لەخۆگرتنی هەموو گاڵتەوگەپ و پێکەنینی هەبێت. لەکاتێکدا هیچ کام لە تیۆرەکان بە تەنیا ئەو پاڵپشتییەیان نییە کە وەک تیۆری گشتگیر وەربگیرێن، تێکەڵکێشی سروشتی تیۆرەکانیش، ئەو پێداگیرییە بەهێز دەکات کە هەر کام لە تیۆرەکان دەشێت دیوێک لە گاڵتەوگەپ و پێکەنین ڕوونبکاتەوە.

**ئەنجام:**

سێ تیۆریی بنچینەیی (باڵایی، ناسازی و هێورکردنەوە)، هەوڵی شیکردنەوەی گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەدەن. تیۆری باڵایی، سەرنج لەسەر "بەئامانجگیراو"ی گاڵتەوگەپەکە چڕدەکاتەوە و پێداگیری دەکات کە پێکەنینمان بە ئەویدی، سەیرکردنیەتی وەک کەمتر یان نزمتر و هاوکات دەرخەری لەناکاو سەرهەڵدانی باڵاییمانە لە بەرانبەر بەئامانجگیراوەکە.

تیۆریی ناسازیی تیۆرییەکی خەڵک-تەوەرە، خەڵک بە پاشخانی کلتووری و دنیابینی جیاوازیانەوە، جیاواز دەبن لە بڕیاردانی شتێک وەک گاڵتەوگەپ و پێکەنیناوی، ئەوە بنەڕەتی کلتووری گاڵتەوگەپ و پێکەنین لە تیۆریی ناسازییدا ڕووندەکاتەوە. بە دەربڕینێکی دی، بیرکردنەوە و پێشبینییەکانی خەڵک بە شێوەی ئاسایی، سروشتێکی ڕێکخراوی هەیە، کە

له کلتوور، پەروەردە و ئەزموونی تایبەتیانەوە سەرچاوە دەگرێت. خەڵک پێشبینییەکانی بەگوێرەی پاشخانە کلتووری و پەروەردەییەکەی ڕێکدەخات، کاتێکیش دۆخێکی نائاسایی، ناکۆک و نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی بیرکردنەوە و پێشبینییەکانی دێتە پێش، پێکەنین دروستدەبێت.

لایەنگرانی تیۆری هێورکردنەوە، لەوباوەڕەدان هەموو ئەو فشار و زێدەوزەیەی لەناو مرۆڤدا و لە ئەنجامی قەدەغە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەڵەکە بووە، لەڕێی گاڵتەوگەپ و پێکەنینەوە، دەردەدرێت. بەو شێوەیە، گاڵتەوگەپ و پێکەنین دەتوانن گرژییەکان، ناکۆکی و بەریەککەوتنەکان، چارەسەر و هێوربکەنەوە. بۆیەشە تیۆرڤان و توێژەرانی پارادایمی ئەرکگەرایی پشتیوانی لەم تیۆرە دەکەن.

بەراورد بە هەردوو تیۆری بالایی و هێورکردنەوە، تیۆری ناسازی زۆرترین پاڵپشتی بەدەستهێناوە و هەندێکجار وەک سەردەستەی تیۆرەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## سەرچاوەکان


- Aristotle (1987). poetics, in (ed. john morreall) the philosophy laughter and humor, state university of New York press.
- Attardo, S. (2010). Linguistic theories of humor (Vol. 1). Walter de Gruyter.
- Berger, P. L. (2014). Redeeming laughter. In Redeeming Laughter. de Gruyter.
- Bergson, H., Brereton, C. S. H., & Rothwell, F. (1914). Laughter: An essay on the meaning of the comic. Macmillan.
- Billig, M. (2005). Laughter and ridicule: Towards a social critique of humour. Sage.
- Brillinger, M. (2003). Nabokov’s humor: the play of consciousness (Doctoral dissertation, ResearchSpace@ Auckland).
- Candita, L. A. (2008). Hooked on humour: Achieving rapport in humorous interactions between men and women who are friends. University of Western Sydney (Australia).
- Dean, R. A. K. (2003). Transforming the moment: Humor and laughter in palliative care.
- Dynel, M. (2011). Blending the incongruity-resolution model and the conceptual integration theory: The case of blends in pictorial advertising. International Review of Pragmatics, 3(1), 59-83.

- Erickson, M. S. (1996). Humor: a moderator between social conflict and social distress (Doctoral dissertation, University of Colorado at Denver).
- Fedakar, S. (2020). An Evaluation on Classification of Humor Theories. Milli Folklor, 16(126), 52-62.
- Freud, S. (1905). Jokes and their relation to the unconscious. the Hogarth press limited.
- Gordon, R. L. P. (1998). A qualitative study of humour theory (Doctoral dissertation).
- Heyd, D. (1982). The place of laughter in Hobbes's theory of emotions. Journal of the History of Ideas, 285-295.
- Hobbes, T. (1987). human nature, in (ed. john morreall) the philosophy laughter and humor, state university of New York press.
- Hobbes, T. (1987). leviathan, in (ed. john morreall) the philosophy laughter and humor, state university of New York press.
- Hutcheson, F. (1987). reflection upon laughter, in (ed. john morreall), the philosophy laughter and humor, state university of New York press.
- Hutcheson, F. (2004). thoughts on laughter, in (ed. Gordon graham), Scottish philosophy, selected writings 1690-1960, (Vol. 1) imprint academic.

- Johnson, R. (2007). The co-construction of roles and patterns of interaction in family discourse. Studies in Applied Linguistics and TESOL, 7(2).
- Jones, W. E. (2006). The function and content of amusement. South African journal of philosophy, 25(2), 126-137.
- Kant, I. (1987). critique of judgment, in (ed. john morreall) the philosophy laughter and humor, state university of New York press.
- KUCZOK, M., & STWORA, A. (2019). CHAPTER I INTRODUCTION TO EXPLORATIONS IN HUMOR STUDIES: HUMOR RESEARCH PROJECT. Explorations in Humor Studies: Humor Research Project, 1.
- Kuipers, G. (2008). The sociology of humor. The primer of humor research, 8, 361-398.
- Kulka, T. (2007). The incongruity of incongruity theories of humor. Organon F, 14(3), 320-333.
- La Fave, L., Haddad, J., & Maesen, W. A. (2017). Superiority, enhanced self-esteem, and perceived incongruity humour theory. Humor and laughter, 63-91.
- Lippitt, J. (1991). Philosophical perspectives on humour and laughter (Doctoral dissertation, Durham University).
- Lippitt, J. (1995). Humour and superiority. Cogito, 9(1), 54-61.
- Lynch, O. H. (2005). Humor at work: using humor to study organizations as a social process. Texas A&M University.

- Marra, J. (2019). Humor, Power, and Culture: A New Theory on the Experience and Ethics of Humor (Doctoral dissertation, Marquette University).

- Mathieu-Lessard, J. (2020). Framing Literary Humour: Cells, Masks and Bodies as 20th-century Sites of Imprisonment. Bloomsbury Publishing USA.

- McDonald, F. (2015). Laughter without Humor: Affective Passages through Post-War Culture (Doctoral dissertation, Duke University).

- Morreall, J. (1986). The philosophy of laughter and humor, state university of New York press.

- Neria, L. (2012). Humour as political resistance and social criticism: Mexican comics and cinema, 1969-1976 (Doctoral dissertation, The University of St Andrews).

- Nijholt, A. (2020). "All the world'sa stage": incongruity humour revisited. Annals of mathematics and artificial intelligence, 88(5), 405-438.

- Olin, L. (2019) PLATO ON THE PLEASURES OF COMEDY. Israeli Journal for Humor Research, (8)2: 7-25.

- Schopenhauer, A. (1987). the world as will and idea, in (ed. john morreall) the philosophy laughter and humor, state university of New York press.

- Simões, H. M. D. A. S. (2018). Humour is a laughing matter: the existential humour of Saki, Life of Brian and The Hitchhiker´ s guide to the Galaxy (Doctoral dissertation).

- Snyder, C. R. (Ed.). (2001). Coping with stress: Effective people and processes. Oxford University Press.
- Spencer, H. (1860). The physiology of humor. Abrufbar unter: http://www. lian. com/HIRANO/academia/laughter. htm.
- Tannen, D. (Ed.). (1993). Framing in discourse. Oxford University Press on Demand.
- Telfer, E. (1995). Hutcheson's Reflections upon laughter. The Journal of Aesthetics and Art Criticism, 53(4), 359-369.
- Viñas, M. B., & Benito, M. J. I. (2016). Jokes, the unconscious and social subjectivity: from the “latent narratives” to the groupal bond. The European Journal of Humour Research, 4(3), 24-42.
- Weaver, S. J. (2007). Humour, rhetoric and racism: a sociological critique of racist humour (Doctoral dissertation, University of Bristol).
- خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٧) پەندی پێشینان، دەزگای سەردەم. سلێمانی.
- زارعی، ئیسماعیل (٢٠١٦) فەرهەنگی پەندی کوردەواری، چاپەمەنی مانگ.

## Humors Theory

Humor is a multi-dimensional and complex social phenomenon. From classical philosophers and intellectuals to contemporary theoreticians of various disciplines, such as biology, anthropology, psychology and sociology have been dealing with it. Each and every one of these scientific branches have enquired regarding the nature of humor and its experiential partner, laughter. To understand the complex function of humor in social frames, social scientists have proposed a number of theories based on philosophers' postulations. Our aim here is to put forward three of the foremost theories of humor: superiority, relief, and incongruity theories. This study has attempted to thoroughly analyze the three above mentioned theories by examining their roots and introducing the most eminent involved theoreticians. The three theories have been blended together by researchers, and it has been discovered that the origin of humor studies goes back to Greek philosophers, and the scrutiny has extended to the present day, with hundreds of contemporary researchers studying it. None of the three theories alone can utterly explain humor and become a superior theory, in fact, there are numerous examples of humor that can be analyzed by any of the three theories, and some examples can be explained by only one or two of them.

Key words: Humor, superiority, relief, and incongruity

## نظريات الفكاهة

اقترح رواد العلوم الاجتماعية عددا من النظريات بناء على افتراضات الفلاسفة والمفكرين الكلاسيكيين لفهم الوظيفة المعقدة للفكاهة في الأطار الاجتماعي. يهدف البحث الى طرح ثلاثة من أهم نظريات الفكاهة: نظريات التفوق والراحة والتناقض. حاول الباحثان إجراء تحليل شامل للنظريات الثلاث المذكورة أعلاه من خلال فحص جذورهما والتعريف بابرز المنظرين هذا من جانب، ومن جانب اخر تم مزج النظريات الثلاث، ووجدوا أن دراسات الفكاهة تعود في الأصل إلى الفلاسفة اليونانيين، وقد استمر الاهتمام بالفكاهة من قبل مئات الباحثين الكلاسيكيين والمعاصرين حتى يومنا هذا. وتوصل البحث الى انه لا يمكن لأي من النظريات الثلاث وحدها أن تفسر الدور الاجتماعي للفكاهة بشكل كافي ووافي بحيث تكون نظرية رائدة. في الواقع، هناك العديد من الأمثلة على الفكاهة التي يمكن تحليلها بواسطة أي من النظريات الثلاث وحدها، ويمكن تفسير بعض أمثلة الفكاهة بنظرية واحدة أو نظريتين.

الكلمات المفتاحية: الفكاهة، التفوق، الراحة والتناقض